# جیاوازی نێوان
# شۆڕشە برجوازیەکان و شۆڕشە پرۆلێتاریەکان



**کارل مارکس**

---

کۆکردنەوەو وەرگێڕانی: ئەنوەر نەجمەدین

دیسامبری ٢٠١٧

# ١) شۆڕشی بورجوازی ئینگلیزی: ١٦٤٠ و ١٦٨٨

کارل مارکس

سێنترالیزەبوونی بازرگانی و مانیفاکتورە لە یەک وولاتدا، وەک ئینگلترە، کە هەر لە سەدەی حەڤدەهەمەوە، بەبێ وەستان لە پێشکەوتندا بوو، بە شێوەیەکی پلە بە پلە، بازاڕێکی جیهانی و داخوازیی لەسەر ئەو بەرهەمە پیشەسازیانەی ئەو وولاتە دروست کرد کە هێزەکانی بەرهەمهێنان تا ئەوکاتە، توانای دابین کردنیانی نەبوو. ئا ئەم داخوازیەی لەسەروو هێزەکانی بەرهەمهێنانەوە بوو، ئەو هێزەی هێنایە بوون، ئەوەیش بە بەرهەمهێنانی پیشەسازیی گەورە -بەکارهێنانی هێزە سەرەتاییەکان بە مەبەستی پیشەسازی، ئامێر، دابەشبوونێکی هەرە پێشکەوتووی کار- ئەمەیش تا سەدەکانی ناوەڕاست، قۆناغی سێهەمی موڵکدارێتی تایبەتی بوو. مەرجەکانی تری ئەو قۆناغە نوییەیش لە ئینگلترەدا هەبوو: ئازادی ڕکابەری لە نێو ئەو نەتەوەیەدا، پێشکەوتنی تیۆری میکانیکی، هتد. (لەڕاستیدا ئەو زانستە میکانیکیەی نیوتن دایهێنا، میللی ترین زانست بوو لە فەرەنساو ئینگلترەدا لە سەدەی هەژدەهەمدا). (بۆیە دەبوایە لە هەموو شوێنێک شۆڕشێک ڕووی بدایە لە پێناوی سەرکەوتنی ئازادی ڕکابەریدا لە نێو نەتەوەکەدا – ١٦٤٠ و ١٦٨٨ لە ئینگلترە، ١٧٨٩ لە فەرەنسا). وە هەر بە خێرایی، ڕکابەریی، هەموو وولاتێکی ناچار کرد، پارێزگاری ڕۆڵی مێژوویی خۆی بکات، ئەمەیش بە پارێزگاریی مانیفاکتورەکانی بە ڕێکخستنی باجی نوێ (ئیتر چیتر، لەوەبەدوا، باجی کۆن بە کەڵکی پیشەسازیی گەورە نەدەهات) ... بەڵام سەرباری ئەم تەگبیرە چارەسەرکارانەیە، پیشەسازی هەر بڵاوەی بە ڕکابەری دەکرد (ئەوەیە ئازادیی بەکردەوەی بازرگانی، باج سەندنیش هیچ نەبوو چارەسەرێکی ئازارشکێن نەبێت، ئیجرائاتێکی بەرگریکارانە نەبێت لەنێو ئازادیی بازرگانیدا)، وە پیشەسازی؛ ئامرازەکانی هاتووچۆو بازاڕی جیهانیشی پێکهێنا، وە بازرگانیشی ملکەچی ئەو پیشەسازیە کرد، هەموو سەرمایەیشی گۆڕی بە سەرمایەی پیشەسازی، وە بووە هۆی دەساودەس کردن (گەشەی سیستمی دارایی) و سێنتراڵیزەبوونێکی خێرای سەرمایە. وە بەهۆی ڕکابەری گشتیەوە، تاکەکان هەموو، کەوتنە تیژکردنەوەی ووزەکانیان تا دواین پلە. وە هەتا توانیشی ئایدیۆلۆژیاو ئاین و ئەخلاقی تێکشکاند، وە لە هەر شوێنێک بۆی تێکنەشکێنرا، کردنیە درۆیەک. وە بەڕاستی بۆ یەکەمینجار، مێژوویەکی جیهانی دروست کرد، ئەمەیش بەو ئاستەی هەموو نەتەوە شارستانیەکان و هەموو ئەندامێکی تاک تیایاندا، لە پێناوی دابین کردنی پێداویستیەکانیاندا، مەرجدار بوون بە بازاڕی جیهانی، وە بەمەیش هەموو پەرگیریەکی سروشتیی نەتەوە جیاوازەکانی تێکوپێکشکاند. وە زانستی سروشتیی ملکەچی سەرمایە کرد، دابەشبوونی کاری لە دواین ڕووخساری مۆرکە سروشتیەکەی داماڵی، وە بە گشتی، هەتا توانای

هەبوو، لەنێو کاردا، هەموو ڕەگەزە سروشتیەکانی تێکشکاندو سەرکەوتوو بوو لە لەناوبردنی هەموو پەیوەندیە سروشتیەکانداو هەموویانی کردە پەیوەندیی پارە. پیشەسازی هەر بەشێوەیەکی سروشتی، لە هەموو شوێنێک، شاری تازەدەرکەتووی دروست دەکرد، ئەو شارە نوێیە پیشەسازیە زەبەللاحانەی لە نێوان شەوو ڕۆژێکدا پێکدەهاتن. وە لە هەموو شوێنێک پیشەدەستیەکان و بە گشتیش هەموو قۆناغەکانی پیشەسازیی ڕابووردووی تێکشکاند. وە سەرکەوتنی شارە بازرگانیەکانی بەسەر لادێدا تەواو کرد. مەرجی یەکەمی ئەمەیش، سیستمی ئۆتۆماتیکی بوو. وە گەشەسەندنی پیشەسازی هێزێکی بەرهەمهێنانی بەرهەمهێنا کە موڵکدارێتی تایبەتیی کردە زیادەیەک .. ئا ئەم هێزە بەرهەمهێنە، لە سایەی سیستمی موڵکدارێتی تایبەتیدا، کەوتە گەشەی تاکلایەنە، بەڵکو بووە هێزێکی وێرانکار .. وە بە گشتی، پیشەسازی گەورە لە هەموو شوێنێک هەمان پەیوەندی لە نێوان چینەکانی کۆمەڵدا دروست کرد، بەمەیش تاکڕەویی تایبەتی نەتەوە جیاوازەکانی لەنێوبرد. وە دواجاریش، لەوکاتەدا کە هێشتا برجوازیەتی هەموو نەتەوەیەک پارێزگاری لە بەرژەوەندیە تایبەتیە نەتەوەییەکان دەکرد، پیشەسازی گەورە چینێکیشی دروست کرد کە خاوەنی هەمان بەرژەوەندی بوو لە هەموو نەتەوەکاندا، وە سەبارەت بەو، نەتەوە هەر لە سەرەتاوە لەناوچوو، چینێک کە بەکردەوە لە هەموو جیهانی کۆن ڕزگاری بووە، وە لە هەمانکاتدا دژیشی وەستاوەتەوە ..

وە بەدیهیشە کە پیشەسازی لە هیچ وڵاتێک و هەرێمەکانی هیچ وڵاتێکیشدا ناگاتە هەمان ئاستی وەک یەک. بەڵام هەرچۆن بێت، ئەمە بزووتنەوەی چینایەتی پرۆلیتاریا دواناخات، چونکە ئەو پرۆلیتاریایانەی پیشەسازی گەورە دروستی کردوون، جڵەوی سەرکردایەتی دەگرنە دەست لەو بزووتنەوەیەدا وە هەموو قەوارەیەکیش لەگەڵ خۆیاندا بەکێش دەکەن، چونکە ئەو کارگەرانەیشی لە پیشەسازی گەورە دوورن، لە لایەن ئەو پیشەسازیەوە دەخرێنە بارودۆخێکی خراپتر لەو بارودۆخەی خودی کارگەرانی پیشەسازی گەورەی تێدایە. وە ئەو وڵاتانەی پیشەسازی گەورەی تێدا پێشکەوتووە، بە هەمان شێوەی خۆیان کار لەو وڵاتانەیش دەکەن کە کەم تا زۆر هەژارن لە پیشەسازیدا، ئەمەیش بەو ئاستەی ئەو وڵاتە ناپیشەسازیانە، بە کردەی بازرگانی گشتی، ڕاپێچ دەبن بەدوای تەوژمی ناکۆکیە گشتیەکانی ڕکابەریدا[1].

*کارل مارکس، الایدیولوجیة الالمانية*

---

[1]. ڕکابەری؛ تاکەکان لە یەکتر دەکات، وە هەر برجوازیەکان لەیەک ناکات و بەس، بەڵکو کرێکاران زیاتر لە یەکتر دەکات، ئیتر ئەگەرچی گردیشیان دەکاتەوە. بۆیە وەختێکی زۆر تێدەپەڕێت، بەر لەوەی ئەو تاکانە یەکبگرن" (کارل مارکس، الایدیولوجیة الالمانية).

## ٢) شۆڕشی برجوازی فەرەنسی: ١٧٨٩

کارل مارکس

کەمیل دیمۆلان، دانتۆن، ڕۆبسبێر، سان-گۆست، ناپلیۆن، پاڵەوانەکانی شۆڕشی کۆنی فەرەنسی، وە حیزبەکان و جەماوەرە میللیەکەیشی، ئەرکی زەمانەکەی خۆیانیان بە جلوبەرگی ڕۆمانی و ووشەی ڕۆمانییەوە بە ئەنجام گەیاند -ئەرکی کردنەوەی گرێکان و بیناکردنی کۆمەڵگای برجوازی نوێ. یەکەمەکانیان، بە تەواوی، بناغەی دەرەبەگایەتیان هەڵتەکاند ... ئەوانەی دواییش، لەناوخۆی فەرەنسادا، کەوتنە بارودۆخێکەوە کە هەر تەنها ئەو بارودۆخە؛ بۆ گەشەی ڕکابەری ئازادو بەکارهێنانی زەویە دابەشکراوەکان و ووزەی بەرهەمهێنانی پیشەسازیی نەتەوەیی دەستی دەدا .. وە ئەمە لە پشت سنووورە فەرەنسیەکانیشەوە، لە هەموو شوێنێک، دەستی کردبوو بە داڕووخاندنی فۆرمە دەرەبەگایەتیەکان ...

شۆڕشی فەرەنسی یەکەم، لەسەری بوو ئەوە برەو پێبدات کە پادشایەتی ڕەها دەستی پێکردبوو: سێنترالیزەبوون، ئەویش بەوەی ڕووخاندنی هەموو دەسەڵاتە ناوخۆیی و هەرێمایەتیە جیاوازەکان و دەسەڵاتەکانی شارو پرۆڤینسەکان بگرێتە ئەستۆی خۆی هەتا یەکێتی نەتەوە دروست بکات، بەڵام لە هەمانکاتدا لەسەری بوو گەشە بە درێژبوونەوەی دەسەڵاتی حکومی و خەسڵەتەکانی و ژمارەی ئەو بریکارانەیش بدات کە کاریان تێدا دەکرد. ناپلیۆن ئەم ئامێرەی دەوڵەتی تەواو کرد. پادشایەتی شەرعی و پادشایەتی تەموز هیچیان بۆ زیاد نەکردبوو تەنها دابەشبوونی کار نەبێت ئەوەندەی دابەشبوونی کار لەنێو کۆمەڵگای برجوازیدا، گرووپی نوێی خاوەن بەرژەوەندیی دروست دەکردو هەر بەوەیش، ماتریالێکی نوێی ئیدارەی دەوڵەتی دروست دەکرد. هەموو بەرژەوەندیەکی هاوبەشیش لە کۆمەڵگا دادەبڕاو بەرژەوەندی باڵای گشتی بەرامبەری دادەنرا، وە لە بواری چالاکیی ئەندامانی کۆمەڵگا خۆیان دووردەخرایەوەو دەکرایە چالاکیەکی حکومی، ئیتر ئەمە هەر لە پردو بینای قوتابخانەو موڵکدارێتی کۆمۆنی کۆمەڵگا دێهاتیەکانەوە هەتا هێڵی ئاسنین و سامانی نەتەوەیی و زانکۆ حکومیەکانی فەرەنسا. دواجاریش، کۆماری پەرلەمانی، لە ناکۆکیەکانیدا دژی شۆڕش، ناچار دەبوو، شان بەشانی ئیجرائاتە سەرکوتکارەکان، ئامرازەکانی دەسەڵاتی حکومی و سێنترالیزەکردنی بەهێز بکات. هەموو وەرچەرخانەکانیش هەر تەنها ئامێری دەوڵەتیان تەواو دەکرد؛ ئەمە لەبری ئەوەی بیشکێنن. ئەو حیزبانەیشی لە ململانێدابوون بۆ زاڵ بوون، وایان دادەنا خاوەندارێتی ئەم دەوڵەتە زەبەللاحە، دەستکەوتێکی سەرەکیە بۆ سەرکەوتووەکان ...

گەشەی ئابووریی موڵکدارێتی عەقاریی بچووکیش، لە بناغەوە، پەیوەندی جووتیارانی بە چینەکانی تری کۆمەڵگاوە گۆڕی. لە سەردەمی ناپلیۆندا، دابەشکردنی زەوی لە لادێدا بە بەشی بچووک بچووک، تەواوکاری ڕکابەری ئازادو ئەو پیشەسازیە گەورانە بوو کە لە شارەکاندا دەستیان پێکردبوو .. ئەو ڕەگانەی لە خاکی فەرەنسیدا کەوتنە بەر زەبری موڵکدارێتی عەقاری بچووک، دەرەبەگی لە هەموو خۆراکێک کرد. وە نیشانەکانی سنووردار کردنی زەویە بچووکەکان، هەروەک پاڵپشتیەکی سروشتی بوو بۆ برجوازیەت دژی هەر هێرشێک بۆ سەری لە لایەن سەروەرە کۆنەکانەوە، بەڵام شازادەی دەرەبەگەکان، لە سەدەی نۆزدەهەمدا، سووخۆرەکانی شاریان خستبووە جێگایان، ڕەهن کردن چوو بووە جێگای خۆبەستنەوەی دەرەبەگ بە زەویەوە، سەرمایەی برجوازی چووبووە جێگای موڵکدارێتی ئۆرۆستۆکراسیی زەوی. پارچە زەویەکەی جووتیاریش هیچ نەبوو بیانوویەک نەبێت کە ڕێی بۆ سەرمایەدار خۆش دەکرد قازانج و سوودو کرێیش لە زەوی بچنێتەوە ...

ئەوەی ئەمانە بەرگری لێدەکەن، وەک خۆیان دەڵێن، مافەکانی میللەتە، وە ئەوەی دەریدەبڕن، وەک خۆیان دەڵێن، بەرژەوەندیەکانی گەلە ...

*ماركس، ١٨ من برومير "لويس بونابرت"*

دەبا ئێستا بۆ چرکەساتێک، ئەو شتەیش بپشکنین کە ناودەبرێت بە مافی مرۆڤ، با مافی مرۆڤ لە شێوە ڕاستەقینەکەیدا بپشکنین، لەو شێوەیەیدا کە لەلای داهێنەرەکانی دەیبینین، لەلای ئەمریکیە باکووریەکان و فەرەنسـیەکان!.. ئەم مافی مرۆڤە، لە بەشـێکیدا، مافی سـیاسـیە، مافێکە پراکتیزە ناکرێت ئەگەر مرۆڤ ئەندامی کۆمەڵگەیەکی یەکگرتوو نەبێت. بەشداری کردنیش لە ژیانی سیاسی گشتیدا، لە ژیانی دەوڵەتدا، ناوەڕۆکەکەیەتی. ئەمەیش دەچێتە نێو گووتارەکانی ئازادی سیاسیەوە ..

بەڵام مافی ئازادیی مرۆڤ، لەسەر پەیوەندیەکانی مرۆڤ نەوەستاوە بە مرۆڤەوە، بەڵکو ڕاسـتتر، لەسـەر دابڕینی مرۆڤ وەسـتاوە لە مرۆڤ. ئەوە مافی ئەو دابڕینەیە، مافی سنووردار کردنی تاکە بە خۆیەوە.

پراکتیزە کردنی بەکردەوەی مافی ئازادییش، مافی موڵکدارێتی فەردیە. بەڵام ئەم مافەی دوایی لەسەر چی وەستاوە؟

"دەستووری ساڵی ١٧٩٣: "ماددەی دووهەم – ئەم مافانە .. بریتین لە: یەکسانی، ئازادی، ئاسایش، موڵکداریتی ... ئەی ئەم ئازادیە چیە؟ :ماددەی ٦ – ئازادی ئەو توانایەیە مرۆڤ هەیەتی، ئەو توانایەی بۆی هەیە هەموو شتێک بکات ئەگەر زیان بە مافی ئەوانی تر نەگەیەنێت".

واتە پراکتیزەکردنی بەکردەوەی مافی ئازادی، مافی موڵکداریتی تاککەسیە. ئەی ئەم مافەی دواییان چیە؟
"مافی موڵکداریتی ئەو مافەیە هەموو هاوڵاتیەک هەیەتی بۆ سوود وەرگرتن لە موڵک و ماڵ و داهاتەکەی وە بەری کارەکەی و پیشەسازیەکەی هەرچۆن خۆی بیەوێت" (دەستووری ١٧٩٣ – ماددەی ١٦).

کەواتە مافی موڵکداریتی ئەو مافەیە مرۆڤ هەیەتی بۆ بەکارهێنانی سامانەکەی خۆی، ئیتر بەبێ بایەخدان بە هیچ کەسێکی تر وە بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە کۆمەڵگا. ئەوە مافی ئێگۆیستیە، وە ئەم ئازادیە فەردیەو پراکتیزە کردنی، بنچینەی کۆمەڵگای برجوازی پێکدەهێنێت. ئەوەیش لە هەموو مرۆڤێکدا بەرامبەر بە مرۆڤێکی تر؛ ئەوە دەردەخات کە ئەمە وەدی هێنانی ئازادی نیە، بەڵکو بەستنەوەی ئازادیە ...

مافەکانی تری مرۆڤ دەمێنێتەوە، یەکسانی و ئاسایش.
ووشەی یەکسانی لێرەدا هیچ دەلالەتێکی سیاسی نیە. ئەو یەکسانیە هیچ نیە تەنها ئەو ئازادیە نەبێت کە لە چەند دێڕێکی ڕابووردوودا پێناسە کرا بوو ... دەستووری ١٧٩٥ ئەو یەکسانیە دیاری دەکات: " ماددەی پێنجەم. یەکسانی ئەوە دەگەیەنێت کە یاسا یەکێکە بۆ هەموان، ئیتر ئەگەر ئەو کەسە پارێزگاری بکرێت یان سزا بدرێت".

ئەی ئاسایش؟ دەستووری ١٧٩٣ دەڵێت "ماددەی هەشتەم. ئاسایش ئەو پاریزگاریەیە کە کۆمەڵگا دەیبەخشێت بە هەموو ئەندامەکانی بۆ پاراستنی ژیان و مافەکانیان لە موڵکداریتیدا".

واتە ئاسایش بەرزترین پرنسیپی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای برجوازیە، تێگەیشتنی پۆلیسە بۆ ئاسایش .. ئاسایش، بە دەربڕینێکی ڕاستتر، زامنی ئێگۆیزمە. کەواتە هیچ مافێک لە مافەکانی مرۆڤ تێپەڕی مرۆڤی ئێگۆیستی ناکات، مرۆڤ وەک ئەوەی ئەندامی کۆمەڵگای برجوازیە، یانی تاکێکی دابڕاوە لە هەموان و مەشغوڵە بە زاتی خۆی و بەرژەوەندیە شەخسیەکانی خۆیەوە".

*ماركس، حول المسألة اليهودية*

# شۆڕشی پرۆلیتاری، کۆمۆنە: ١٨٧١

کارل مارکس

کرێکارانی پاریسی، لە توانایاندا نەدەبوو هەنگاوێک بچنە پێشەوە، وە نەیاندەتوانی ئەوەندەی تاڵە موویەک دەست بۆ قەڵای برجوازیەت ببەن، ئەگەر ڕێڕەوی شۆڕش دژی نەوەستایەتەوە، دژی سەروەرێتی سەرمایە، ئەگەر ئەو جەماوەرەی لە نێوان پرۆلێتاریاو برجوازیەتدا وەستا بوون، جەماوەری جووتیاران و برجوازیە بچووکەکان، ناچار نەبوونایە بچنە نێو پرۆلێتاریاوەو دانی پێدابنێن وەک پێشڕەوێکی خەباتگێڕ ...

شۆڕشی نوێی فەرەنسییش، لەسەریەتی هەر یەکسەر، چوارچێوە نیشتمانیەکەی جێبهێڵێت، وە ئەو بازنە ئەوروپیە بۆ خۆی مسۆگەر بکات کە شۆڕشی کۆمەڵایەتی سەدەی نۆزدەهەمی لەسەر وەدی دێت ..

هەر بەوجۆرە، هەر بە تەنها تێشکانی حوزەیران، ئەو بارودۆخەی دروستکرد کە فەرەنسا دەتوانێت لە سایەیدا، جڵەوی دەستپێشخەریەکانی شۆڕشی ئەوروپی بگرێتەدەست. وە ئاڵا سێ ڕەنگیەکە .. بکاتە ئاڵای شۆڕشی ئەوروپی – ئاڵای سوور! وە ئێمەیش ئیتر هاوار دەکەین: شۆڕش مرد، بژی شۆڕش![2]

هەر بەوجۆرە، ٢٥ فێبروەری ١٨٤٨، کۆمارێکی دا بە فەرەنسا، ٢٥ حوزەیران شۆڕشی سەپاند بەسەر فەرەنسادا. بەڵام شۆڕش دوای حوزەیران یانی: ڕووخاندنی کۆمەڵگای برجوازی، ئەمە لەکاتێکا بەر لە فێبروەری، یانی: ڕووخاندنی شێوەی دەوڵەت ...

وە لە کاتی سەرکەوتنیشدا، دەبێت کۆمۆنەیەکی پرۆلێتاریی ڕێکخراو، پراکتیزەی چالاکی خۆی بکات لە پاڵ حکومەتی فەرمیدا. قوتابخانە خوێناویەکەی یۆلیۆی ١٨٤٨ ئەمەی فێری پرۆلێتاریا کرد.

*النضال الطبقي في فرنسا ١٨٤٨-١٨٥٠*

بەو ئاستەی پێشکەوتنی پیشەسازی نوێ، ناکۆکی چینایەتی نێوان کارو سەرمایەی پێشدەخست و فراوانی دەکردو قووڵی دەکردەوە، دەسەڵاتی دەوڵەتیش زیاترو زیاتر

[2]. شۆڕشی یەکەم مرد: شۆڕشی برجوازی. بژی شۆڕشی دووهەم: شۆڕشی پرۆلێتاری. مارکس هەر ئەمە بە بەردەوام بوونی شۆڕش دەزانێت. بۆیە دەڵێت: شۆڕش بەردەوامەو ماویەتی.

مۆرکی دەسەڵاتی سەرمایەی نەتەوەیی لەخۆدەگرت بەسەر کاردا، مۆرکی هێزێکی کۆمەڵایەتی ڕێکخراو لە پێناوی چەوساندنەوەی کۆمەڵایەتیدا، مۆرکی ئامرازی زاڵبوونی چینایەتی. وە دوای هەر شۆڕشێکیش کە پێشکەوتنێکی لە خەباتی چینایەتیدا تۆمار دەکرد، مۆرکی چەوسێنەرانەی دەسەڵاتی دەوڵەتی بە تەواوی ڕوون دەکردەوە. شۆڕشی ١٨٣٠ دەسەڵاتی لە خاوەن زەویوزارەکان داماڵی و گواستیەوە بۆ دەستی سەرمایەداران، واتە لە دەستی دوژمنە دوورەکانی چینی کرێکارەوە بۆ دەستی دوژمنە ڕاستەوخۆکانی. ئەو برجوازیانەیشی بەناوی شۆڕشی شوباتەوە دەستیان گرت بەسەر دەسەڵاتی دەوڵەتدا، بە قەسابخانەکەی حوزەیران، ئەو شۆڕشەیان کردە گاڵتەجاڕیەک بۆ ئەوەی چینی کرێکار دڵنیا بکەنەوە کە کۆماری "کۆمەڵایەتی" هیچ نیە ئەو کۆمارە نەبێت کە کۆیلایەتی ئەو چینەو پاشکۆیەتیەکەی مسۆگەر دەکات؛ وە بۆ ئەو دەستەو تاقمە برجوازیانەشیان دەربخستایە کە مەیلێکی پادشایەتییان هەبوو یان چینێکی خاوەن زەوی بوون؛ ئاسوودەو بێخەم کاروباری ئیدارەو دارایی بۆ برجوازیە "کۆماریەکان" جێبهێڵن .. کۆماری پەرلەمانییش وا هات فۆرمێکی گونجاو بێت بە حکومەتەکەیان کە هەروەک کۆمپانیایەکی پشکدار وابوو بە سەرۆکایەتی لویس بۆناپارت .. وە ئەگەر کۆماری پەرلەمانی، وەک مستر تییر گووتی، ئەو شێوەیەی حوکم بێت کە "(هەموو بەشەکانی چینی دەسەڵاتداری) کەمتر لەوانی تر دابەش کردبێت"، ئەوا ئەو کۆمارە قڵیشێکی کردە نێوان ئەو چینە ژمارەکەمەو هەموو جەستەی کۆمەڵگا .. وە ئیتر یەکێتی ئەو چینە هەموو ئەو ڕێگریانەی لەنێوبرد کە ناکۆکیە ناوخۆییەکانی، لە سەردەمی حکومەتەکانی رابووردوودا، سەپاندبووی بەسەر دەسەڵاتی سیاسیدا؛ وە لە ترسی هەڕەشەکانی پرۆلیتاریا، ئەم چینە موڵکدارە یەکگرتووە دەسەڵاتی دەوڵەتی وەک ئامێرێکی نەتەوەیی پیس و چەپەڵ بەکاردەهێنا لە جەنگی سەرمایەدا دژی کار. ئەم هێرشە خاچدارە بەردەوامەیشی دژی جەماوەری بەرهەمهێن، ناچاری دەکرد بە بەردەوامی دەسەڵاتی سەرکوتکردنی زیاتر بداتە دەست دەسەڵاتی جێبەجێکار ..

ئەو ئیمپراتۆریەتەی کۆدەتایەکی کردە شاهیدی لەدایک بوونی خۆی، وە خۆی لەهەڵبژاردنی گشتیدا دەنواند، شمشێریش سۆڵیجانەکەی[3] بوو، وای دادەنا لەسەر ئەو جووتیارانە وەستاوە کە بەشی زۆری بەرهەمهێنەرانیان پێکدەهێنا، ئەوانەی کە هێشتا لە ناکۆکی ڕاستەوخۆی سەرمایەو کارەوە نەگلابوون، وە وای دادەنا سەرکەوتنی بەسەر پەرلەمانتاریزمدا ڕزگارکەری چینی کرێکارە .. وە دواجار وای دادەنا کە هەموو چینەکانی یەکخستووە، ئەمەیش بە زیندووکردنەوەی وەهمی درۆی نەمریی نەتەوەگەرێتی .. ئەمە لەکاتێکا دەسەڵاتی دەوڵەت، کە لەسەروو کۆمەڵگاوە هەڵواسرابوو، ناشیرینترین

---

3. سۆڵیجان دارعاسای دەستی پادشایە وەک هێمای دەسەڵاتەکەی (وەرگێر).

ناوزڕێنراوو شێوەی گەندەڵیی ئەو کۆمەڵگایە بوو .. سیستمی کۆلۆنیالیزمیش دواین شێوەی دەسەڵاتی دەوڵەت بوو کە کۆمەڵگای برجوازی تازەپێگەیشتوو دروستی کردبوو، ئامرازێک بوو بۆ ڕزگاربوونی لە چنگی دەرەبەگایەتی. ئەو برجوازیەتە، دوای ئەوەی گەشەی تەواوی کرد، ئەو دەسەڵاتەی کردە ئامرازی چەوساندنەوەی کار لە لایەن سەرمایەوە.

کۆمۆنە وەک دژە ڕاستەوخۆکەی ئائەم ئیمپراتۆریەتە سەریهەڵدا. وە دروشمی "کۆماری کۆمەڵایەتی" کە پرۆلیتاریای پاریس لە شۆڕشی شوباتدا هەلهەلەی بۆ لێدەدا، هیچ نەبوو دەربڕینێکی شارراوە نەبێت لەو خواستە کۆماریەی نەک هەر شێوەی پادشایەتی حوکمی چینایەتی و بەس، بەڵکو خودی حوکمی چینایەتی خۆیشی لەنێودەبرد ..

پاریس، بارەگای ناوەندیی دەسەڵاتی حکومەتی کۆن، وە لە هەمانکاتدا، پایەی کۆمەڵایەتی چینی کرێکاری فەرەنسی، چەکی کردەشان لەڕووی کۆششەکانی تییرو ئەنجوومەنەکەیدا کە لە نوێنەرە دێهاتیەکان پێکهاتبوون، بۆ گێڕانەوەو نەمر کردنی ئەو دەسەڵاتە حکومیە کۆنەی بە میرات لە ئیمپراتۆریەتەوە بۆی مابووەوە. بەڵام پاریس نەیدەتوانی بەرگری بکات ئەگەر لە پێشدا لە سوپا ڕزگاری نەبوایە .. هەر لەبەر ئەوە یەکەمین بڕیاری کۆمۆنە هەڵوەشاندنەوەی سوپای هەمیشەیی و گۆڕینی بوو بە چەکدارکردنی گەل.

کۆمۆنە لەو ئەندامانەی ئەنجوومەنی شارەوانی پێکهات کە بە دەنگدانی گشتی لە هەموو بازنەیەکی جیاوازی شاردا هەڵبژێردران. ئەمانە بەرپرس بوون و هەرکاتیش پێویست بوایە لەو بەرپرسیە دادەماڵران .. پۆلیسیش کە بەر لەو کاتە، ئامرازێک بوو بەدەست حکومەتی ناوەندیەوە، لە هەموو فەرمانە سیاسیەکانی داماڵراو کرایە ئامرازێکی بەرپرسی کۆمۆنە .. ئەمە بە هەمان جۆر، فەرمانبەرانی هەموو لقە ئیداریەکانیشی گرتەوە. وە ئەندامانی کۆمۆنە، لە سەرەوە بۆ خوارەوە، لە بەرابەری کرێیەکی کرێکاریدا کاریان دەکرد. وە هەموو ئیمتیازو سوودمەندیی گەورەفەرمانبەرانی دەوڵەت بە خودی ئەو فەرمانبەرانە خۆیانەوە وون بوون. وە ئیتر ئەوە بەسەرچوو کە فەرمانە گشتیەکان موڵکی تایبەتیی ئەو کارمەندانە بن کە حکومەتی ناوەندی دایدەمەزراندن ...

دوای ئەوەی کۆمۆنە سوپای هەمیشەیی و پۆلیسی هەڵوەشاندەوە، کە هەردووکیان ئامرازی ماددیی حکومەتی کۆن بوون، ئیتر هەر یەکسەر ئەرکی شکاندنی ئامرازی چەوساندنەوەی ڕوحیشی کەوتە ئەستۆ، واتە: "دەسەڵاتی قەشەکان"، ئەمەیش بە هەڵوەشاندنەوەی کڵێساو جیاکردنەوەی لە ئیدارەو داگیرکردنی هەموو کڵێساکانیش وەک موڵکدارێکی گەورە. وە ئیتر لەسەر پیاوانی ئاین بوو بگەڕێنەوە بۆ ژیانە سادەو ساکارەکەی خۆیان وەک ئەو تاکە سادانەی کە وەک پێغەمبەران لەسەر سەدەقەی باوەڕداران دەژیان. هەموو دامودەزگاکانی خوێندنیش خۆڕایی کران بۆ گەل و لە هەمانکاتیشدا، خرانە دەرەوەی کاریگەریی کڵێسا و دەسەڵات. وە هەر بەوجۆرە، هەر

تەنها فێربوونی قوتابخانە نەکەوتە ژێردەستی هەموان و بەس، بەڵکو تەنانەت خودی زانستیش لەو ڕێگریانە ڕزگاری بوو کە وەهمی چینایەتی و دەسەڵاتی حکومی سەپاندبووی بەسەریدا.
هەروەها فەرمانبەرانی دادگا لە هەموو ئەو سەربەخۆییانە ڕووتکرانەوە کە هیچ نەبوو ماسکێک نەبێت سەرشۆڕی و ماستاوچێتی ئەوانی دەشاردەوە بۆ هەموو حکومەتە یەک لەداوی یەکەکان .. وە ئیتر ئەوانیش وەک هەموو فەرمانبەرانی تری کۆمەڵگا، هەڵدەبژێردران بە ئاشکراو هەرکاتیش پێویست بوایە لە بەرپرسیارێتی دەخران.
بێگومانیش دەبوایە کۆمۆنەی پاریس ببێتە نموونە لە هەموو ناوەندە پیشەسازیە گەورەکانی فەرەنسادا. وە ئەگەر سیستەمی کۆمۆنی لە پاریس و شوێنەکانی تردا خۆی بگرتایە، ئەوا حکومەتی ناوەندی کۆن جێگای خۆی بۆ خۆبەڕێوەبردنی بەرهەمهێنەران چۆڵ دەکرد لە هەموو ناوچەکاندا ..

کۆمۆنە بە لەناوبردنی دوان لە گەورەترین بەشی خەرجیەکان: بەشی سوپای هەمیشەیی و بەشی فەرمانبەرانی دەوڵەت، ئەو دروشمەی کردە ڕاستیەک کە هەموو شۆڕشە برجوازیەکان هاواریان لێهەستابوو بەدەستیەوە، ئەویش حکومەتی کەمترین خەرجی بوو. وە بوونی کۆمۆنەیش خۆی، نەفی کردنی موڵکدارێتی بوو .. وە لەگەڵ ڕزگاریی کاریشدا ئیتر هەموو کەس دەبێتە کارگەرو کاری بەرهەمهێنانیش لەوە دەردەچێت تایبەت بێت بە چینێکی دیاریکراو ...

لەوەبەر هەموو ڕاپەڕینەکان و هەموو شۆڕشەکانیش، هیچیان نەکردبوو گواستنەوەی ئەو دەسەڵاتە ڕێکخراوە نەبێت - ئەو هێزە ڕێکخراوە لە پێناوی هێشتنەوەی کۆیلایەتی کاردا- لە دەستێکەوە بۆ دەستێکی تر، لە بەشێک لە چینی سەروەرەوە بۆ بەشێکی تریان، ئامرازی چینی سەروەر بۆ چەوساندنەوەو قازانج .. بەڵام کۆمۆنە شۆڕشێک نەبوو دژی ئەم یان ئەو شێوەی دەسەڵات، شەرعی، دەستووری، کۆماری یان پادشایەتی، بەڵکو شۆڕشێک بوو دژی خودی دەسەڵات خۆی .. شۆڕشێک نەبوو ئامانجی گواستنەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت بێت لە دەستی بەشێک لە چینە سەروەرەکانەوە بۆ دەستێکی تریان، بەڵکو شۆڕشێک بوو ئامانجی شکاندنی ئامێرە سامناکەکەی خودی سەروەرێتی چینایەتی بوو ...

کۆمۆنە دەیەویست موڵکدارێتی تاک بکاتە ڕاستیەک، ئەمەیش بە گۆڕینی شێوازەکانی بەرهەمهێنان لە زەوی و سەرمایە بە ئامرازی کاری ئازادو هاوبەش کە هەتا ئەوکاتە ئامرازی چەوساندنەوەو دەست بەسەراگرتنی کار بوون .. وە ئەگەر بەرهەمهێنانی هەرەوەزکاریانە قسەیەکی بۆش و هەڵخەڵەتێنەرانە نەبێت، ئەگەر ئەو هەرەوەزکاریانە بخرێنە جێگای سیستەمی سەرمایەداری، وە ئەگەر کۆمەڵێک هەرەوەزکاری بەپێی نەخشەیەکی هاوبەش بەرهەمهێنانی نیشتمانییان ڕێکخست و خرانە ژێر دەستی ئەو

هەرەوەزكاریانەوە، ئا بەوجۆرە سنوورێک بۆ ئاژاوەی هەمیشەیی و نۆبە دەوریەكان دادەنرێت و ئەمەیش سەركەوتنی حەتمی دەبێت بەسەر بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا".

*مارکس، شۆڕشی کۆمۆنە*

١) لە ڕێڕەوی پێشکەوتنی هێزەکانی بەرهەمهێناندا، قۆناغێک سەرهەڵدەدات، کە هێزی بەرهەمهێن و ئامرازەکانی دەساودەس کردنی تێدا دەبێتە هێزێکی زیان بەخش هەر لە چوارچێوەی ئەم پەیوەندیانەی ئێستادا، وە ئیتر لەوە بەدوا ئەمە هێزێکی بەرهەمهێن نیە، بەڵکو هێزێکی وێرانکارە (ئامێرو پارە)، ئەمە هەروەک چۆن -ئەم واقیعە دەبەسترێت بە واقیعێکی ڕابووردووەوە- لەو حاڵەتەدا چینێکیش دروست دەبێت هەموو قورساییەکانی ئەم کۆمەڵگایەی دەکەوێتە سەرشان .. چینێک کە زۆرینەی ئەندامانی کۆمەڵگا پێکدەهێنێت و سەرچاوەی هۆشمەندیەکی پێویستیشە بۆ شۆڕشێکی بنەڕەتی ..

٢) ئەو مەرجانەی کە هێزێکی بەرهەمهێنانی دیاریکراوی تێدا بەکار دەهێنریت، ئەوانە مەرجی سەروەرێتی چینێکی دیاریکراویشن بەسەر کۆمەڵگادا: هێزی کۆمەڵایەتی ئا ئەم چینە، کە لە شێوەی خاوەندارێتیەکەیەوە سەرچاوە دەگرێت، دەربڕینێکی ڕێکوپێکی بە کردەوەیش دەدۆزێتەوە بۆ شێوە نموونەییەکەی ئەو تەرزە لە دەوڵەت کە تایبەتە بەخۆی؛ ئەمەیش بۆتە هۆکاری ئەوەی هەموو خەباتێکی شۆڕشگێری، دژی ئەو چینە دەسەڵاتدارە ئاراستە بکرێت کە تا ئەوکاتە سەروەرە لە کۆمەڵگادا.

٣) لە هەموو شۆڕشەکانی ڕابووردوودا شێوازی چالاکی کۆن هەروەک خۆی ماوەتەوە بەبێ ئەوەی هیچ گۆڕانێکی بەسەردا هاتبێت، تەنها مەبەستیش لەو شۆڕشانە دابەشکردنێکی تری ئەو چالاکیە بووە، دابەشکردنێکی نوێی کار لە نێوان کەسانێکی تردا ..

٤) لەمەوە ڕوون دەبێتەوە کە دەبێت گۆڕانکاری لە ژمارەیەکی زۆر لە مرۆڤدا ڕووبدات تا ئەو هۆشمەندیەو ئەو گۆڕانەیشی کە پێویستە ڕوو بدات، بەشێوەیەکی فراوان دروست ببێت؛ بەڵام ئەم گۆڕانە ڕوونادات بەهۆی بزووتنەوەیەکی بەکردەوەوە نەبێت، بەهۆی شۆڕشێکەوە ..

.. ئا بەمەیش دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی هیچ شێوەیەکی هۆشمەندی و بەرهەمەکانیشی، بە ڕەخنەی زیهنی چارەسەر ناکرێت .. بەڵکو تەنها بە هۆی هەڵگێڕانەوەیەکی بە کردەوەی ئەو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیە دیاریکراوانەوە لەناو دەچێت کە ئەم هەراوهوریا ئایدیالیستەی لێوە لە دایک بووە؛ شۆڕش نەک ڕەخنە هێزی بزوێنەری مێژووە، هەروەک چۆن هێزی بزوێنەری دین، فەلسەفە، وە هەموو تیۆریەکانی تریشە ...

*كارل ماركس، الايديولوجية الالمانية*

پوخته

به پەنا بردن بۆ تاقیگە مێژوویەکانی شۆڕشی برجوازی و شۆڕشی پرۆلێتاریی ئینگلترەو فەرەنسا، تەواوی بنکە ماتریالیستیەکانی ئەو شۆڕشانەو ئەرکە مێژووییە جیاوازەکانیان دەبینین. شۆڕشی یەکەم، شۆڕشی برجوازی، هیچی نەکرد گۆڕینی شێوەی چەوساندنەوە نەبێت. برجوازیەت چەوساندنەوەی مۆدێرن کرد، ئەمەیش بە مۆدێرن کردنی مافی موڵکدارێتی تایبەتی لەسێبەری ڕکابەری و ئیدارەیەکی سیاسی مۆدێرندا. واتە ئەو شۆڕشە هیچ نەبوو "شۆڕشی سیاسی" نەبێت، شۆڕشی گۆڕینی فۆرمی دەوڵەت لە پادشایەتیەوە بۆ کۆماری، لە دەسەڵاتی ڕەهاوە بۆ دیموکراسی، لە ئاینیەوە بۆ سیکۆلار.

شۆڕشی دووهەم، شۆڕشی پرۆلێتاریا، هەوڵێکە بۆ وەستاندنی دینەمۆی چەوساندنەوە، ئەمەیش بە گۆڕینی سیستمی بەرهەمهێنان و دابەش کردن، نەک بە گۆڕینی فۆرمی سیاسی دەوڵەت.

کارل مارکس دەڵێت:

"شـۆڕشـی سـیاسـی ژیانی برجوازیانەی شـیکردەوە بۆ ڕەگەزەکانی خۆی، بەڵام بەبێ ئەوەی شـۆڕشـێک لە خودی ئەو ڕەگەزانە خۆیدا ڕووبدات، وە یان بیانخاتە بەر ڕەخنە. شۆڕشی سیاسی، وا لە کۆمەڵگای برجوازی و جیهانی پێداویستی و کارو بەرژەوەندی تـایبەتی و مـافی تـایبەت دەڕوانێت کە بنـاغەی بوونی خۆیەتی .. دواجـاریش، مرۆڤ، وەک ئەوەی هەیە، ئەندامی کۆمەڵگای برجوازی، وایدەبینێت وەک ئەوەی مرۆڤ بێت بە مانای ووردی ئەو ووشـەیە .. بەڵام مرۆڤی سـیاسـی، هیچ نیە مرۆڤێکی ئابسـتراکت نەبێت، دروستکراو، مرۆڤ بەو واتایەی کەسایەتیەکی ڕەمزی و مەعنەویە".

*كارل ماركس، حول المسألة اليهودية*

"شۆڕش بە گیانێکی سیاسیانەوە .. توێژێکی سەروەر لە کۆمەڵگا ڕێکدەخات لەسەر حیسابی کۆمەڵگا خۆی ... هەر شۆڕشێکیش کۆمەڵگای کۆن بڕووخێنێت، بەو ئاستە شۆڕشێکی کۆمەڵایەتیە، هەر شۆڕشێک هەر تەنها دەسەڵاتی کۆن بڕووخێنێت، ئەوە تەنها مۆرکێکی سیاسی لەخۆگرتووە".

*كارل ماركس، ملاحظات انتقادية على مقالة "البروسي*

"تەنها پرۆلیتاریایشە بتوانێت بە حەماسەوە بە ئەرکێکی کۆمەڵایەتی هەستێت لە پێناوی هەموو کۆمەڵگادا، لە پێناوی لەناوبردنی هەموو چینەکان و سەروەرێتی چینایەتیدا، تەنها پرۆلێتێرەکانن ئەو پیاوانەی دەتوانن ئەو ئامرازەی سەروەرێتی چینایەتی بشکێنن کە دەوڵەتە".

*کارل مارکس، شۆڕشی کۆمۆنە*

---